## بۆ بەرێزجەنابی سەرۆك بارزانی
## رێزدار كاك نێچیرڤان بارزانی

### پێشمەرگەیەكی پارتی و بارزانی

كە ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم ئاگاداری زۆر شتم كە بەرێوەبەری ناحیەی دارەتوو چ لە سەردەمی جاشایەتییەكەی خۆیدا كردوویەتی ، چ ئێستا كە مودیر ناحیەی دارەتووە ، دەیكات . هەڵبەت بەڵگەكان ئێكجار زۆرن ، نامەویٚ هەموو بەڵگەكان لێرە بنووسم ، چونكە دڵنیام بۆ بەرێزتان بە باشی نازانم ، بەڵام ئەگەر دەتانەویٚ لە حەقیقەتی ئەم مەسەلەیە بگەن ، من ناوی كاكەمین نەجار كە بە وردی خودی نەبەزو باوك و باپیری نەبەز باش دەناسێت ، بارزان مەلا خالید كە خزمایەتیشی لەگەڵیان هەیە ، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵوێستەكانیان لەگەڵ یەكدی ئاسمان و رێسمانە ، بۆیە خزمایەتیەكەیان لە بێگانەش خراپترە ، نەجات عەلی فاتم كە ئەسڵ و فەسڵی مودیر ناحیەو باوك و باپیری نەبەزت بۆ دەخاتە بەر دەست ، من داوا دەكەم دە فەرموون ، پرسیارێك لەوانە بكەن ، زۆر كەسی تریش هەن كە پارتین و لەدایك بووی خەڵكی دەشتی هەولێرن ، پرسێكیان پیٚ بكەن ، ئەگەر نا ئێمە ناتوانین لە ژێر رەحمەتی جاشێك ژیان ببەینە سەر كە تا دوێنیٚ منداڵەكانمان ، پیرە باوك و دایكمان ، براو خوشك و خزم و كەس و كارمان لە خودی مدیر ناحیەی ئێستای دارەتوو خۆیان دەشاردەوە ، ئێستاش هەر ئەو كەسە ، ببێتەوە تەڕەزان بەسەر خەڵكیدا.

بەرێز جەنابی سەرۆك بارزانی

رێزدار كاك نێچیرڤان بارزانی

ئێمە چونكە پارتین و لەگەڵ پارتی سووتاوین و برژاوین ، پارتیانە دەژین ، بەڵام هەندێك شت هەیە جێگای قبوڵكردن نییە، ئێمە بۆیە لەگەڵ پارتی داین ، چونكە بە حزبێكی نیشتیمانی دەزانین ، هەربۆیە ئەركی سەرشانی ئێمەیە ، لەو كارو كردەوە خراپانە ئاگادارتان بكەینەوە كە زیانی بۆ سومعەی ئێوەو بۆ پارتی هەیە، ئێمە پێتان

دەڵێین فەرموون لە خەڵکی دارەتوو بپرسن ، موختاریان هەیە ، ئەنجومەنیان هەیە ، دەیان شەهیدی پارتی لەوێ هەیە .
فەرموون لە کاکەمین نەجار و نەجاتی عەلی فاتم بپرسن ، فەرموون لەو هەموو کادیرانەتان بپرسن کە خەڵکی دارەتوون و رەچەڵەکی مودیر ناحیەی دارەتوو لەبەردەمتان دادەنێن .
بەرێز جەنابی سەرۆك بارزانی
رێزدار کاك نێچیرڤان بارزانی
پرسیار گەلێك زۆرە ، بەڵام تەنها ئەوەندە دەڵێین ، باشە ئێوە رازین ، کەسێك تا شەوی ١٠/١١ -٣-١٩٩١ فەوجی جاشایەتی لە دارەتوو بوو بێت و بە دەیان کەسی خەڵکی گوندەکانی دەشتی هەولێر کە لە دارەتوو خڕ بوونەتەوە ، گرتبێت و ئازاری دابن ، ئێستاش هەر ئەو کەسە ، ببێتە مودیری ناحیەکە ، کەواتە بۆچی شۆڕشمان کرد و ئەو هەموو شەهیدەمان کە خەڵکی دارەتوون بۆ لەسەر دانا ، خۆ پێشتریش هەر ئەوانە مەسئولی دارەتوو بوون ، خاوەنی فەوجی خۆیان بوون و کەس نەیدەوێرا لە بەرامبەریان بڵێ لەل!!
نموونەیەکی زۆر بچوکتان بۆ باس دەکەم ، بەو مەبەستەی ئێوەش کۆتایی بەم مەسەلەیە بهێنن ، دەنا ئێمەش ناچار دەبین وردە وردە بەڵگەی تاوانەکانیان بخەینە روو شەوی ١٠ لەسەر ١١ ی مانگی ئاداری ١٩٩١ ئەو نەبەزە ، کە خاوەن فەوج بوو لە دارەتوو ، داوای لە هەندێك لە جاشەکانی خۆی کردبوو ،پێی وتبوون لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بە شەو خۆ دەخزێننە ناو دارەتوو ، دەبێت ئێوە ئەمشەو بچن پاسەوانی لە وێنەی ائلسەید و لرەئیس سەدام حوسێن بگرن ، نەبادا خەڵکی خراپ و عەمیل (مەبەستی لە عەمیل هێزی پێشمەرگە بوو )وێنەی السید الرئیس بشێوێنن، ئەوانەی نەچوون بۆ پاسەوانیکردنی وێنەی سەدام ، هەر دەستبەجێ نەبەزە فەندی چەکی کردن و ناسنامەی جاشایەتی لێ سەندنەوەو هەزار جنێویشی پێ دابوون ووتبووی بزانن بەیانی چیتان بەسەر دەهێنم، ئەگەر بۆ بەیانی راپەرین رووی نەدابوایە ، خوا دەیزانی نەبەز چارەنووسی ئەوانەی چ لێ دەکرد ، هەندێك لەوانەی کە

شەخسی مودیر ناحیەی ئێستای دارەتوو چەکی کردبوون ، ماون و ئامادەشن قسەتان بۆ بکەن . بەڵێ بەڕێزان ئەمە ئەو نەبەزەیە کە ئێستا مدیر ناحیەی دارەتووە.

هاوار تاهیر عمر خەڵکی ناحیەی دارەتووە و ئەو کاتەی نەبەز لەلای باوکی جاش بوو ، فەوجی هەبوو ، کاك نەبەز ئەو هاوارەی گرت لە کویێ لە دەشت لە شوانیکارەیی ، گرتی و زۆری ئازارو ئەشکەنجەدا ، بە هەوڵی خێرخوازان و پیاو چاکان بە هەزار ناری عەلی ، ئازاد کرا ،نەبەز کە کرا بە مودیری ناحیە ، هەڵسا هەمان ئەو هاوار تاهیرەی حەپس کردەوەو ............هتد!!!!!!!!!!!!!

بە حەقیقەت بەڵگەکان زۆر زۆرن ، بەڵام مەبەستی ئێمە چارە سەرکردنە ، بۆیە داواتان لێ دەکەین بڕیارێك دەر بکەن ، خۆ دونیا نارووخێ ؟؟، جاشێك ، بەعسیەکی پیس  ئەوەندە دەهێنێ ئێوە خۆتانی لێ بێدەنگ بکەن ؟؟!! . ئاخر زەوییەکانی دارەتووی هەموو فرۆشت ، زەوی کشتوکاڵ و باخچەو رەزی لە دارەتوو بۆ خۆی  دابڕیوە ، شەقامی قیرتاو کراوی بۆ  باخ و رەزەکەی  راکێشاوە (لە کاتێکدا شەقام بۆ گوندەکان نەچووە !!!) ، ئۆتۆمبێلی ناحیەی بۆ ئیش و کاری باخچەکەی تەرخان کردووە و دەیان کاری قێزەونی تر ، کە هەموویان وەك نوێژی نیوەڕۆ دیارن ،

ئەمجارەش داواتان لێ دەکەین بە زووترین کات بیگۆڕن و با بۆ خۆی خەریکی  باخ و رەزەکانی خۆی بێت .

ئاخر بەڕێزان کەسێك خزمەتی جاشایەتی  بکات بە پێشمەرگایەتی دەبێت چ ئومێدێکتان پێی بێت ؟؟؟؟دەبێت چ دلێکتان پێی خۆش بێت؟؟

ئەمجارەش بە هیوای چارە......................